# هاوینی کورتی ئانارشی

نووسینی: H. Magnus Enzensberger
و. له فارسییەوە: هەژێن

دەربارەی ڕەگەکانی ئانارشیزمی ئەسپانی

له یەکێک له ڕۆژەکانی ئۆکتۆبەری ١٨٦٧دا پیاوێکی ئیتالی هاتە «مەدرید» پایتەختی ئەسپانیا. پیشەی ئەندازیار و تەمەنی نزیکەی چل ساڵێک بوو. ڕدێنێکی پڕ، چاوی گەش، پەیکەر ئەستوور و بە توانا دیار بوو. بەدوای ناونیشانێکدا دەگەرا، کە له پەراوەکەیدا نووسیبووی. دواجار له قاوەخانەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەک له کارگەرانی چاپخانە ئاشنا بوو.

[ئاوازی دەنگ و شێوازی دەربڕینی دەبوونە هۆی لێوەرگرتنی وتەکانی. کاتێک کە له بارەی سەرکوت، بەهرەکێشی و دەمکوتکردنەوە، دەدوا، دەنگی دەگیرا، بەجۆرێک کە بەتووندی پەرێشان دەبوو و ئازار و خەم، دەموچاوی دادەگرت! شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، کە ئەو زمانی ئەسپانی نەدەزانی، هەندێکجار بە زمانی فەرەنسی دەدوا، کە ژمارەیەکی کەم له گوێگرانی تێدەگەیشتن یا بە ئیتالی کە بە ڕادەیەک دەتوانرا بزانیت؛ مەبەستی چییە! بەڵام له کۆتایی قسەکانیدا خرۆش و ورەیەکی لەڕادەبەدەر بەسەر هەمواندا باڵی کێشا!] پاش تێپەڕبوونی ٣٢ ساڵ هێشتاکە «ئانسلمو لونتسو»ی (ژورنالیست) دەیتوانی یەکەمین بەرخوردی خۆی لەگەڵ «فانلی»، واتە یەکەمین کەسێک کە ئانارشیزمی هێنابووە ئەم ولاتە، بیری خۆی بێنێتەوە، کە لەکاتی گەرانەوەدا هاواری کرد : !Cosa orribile! Spaventosa

ئانسلمو دەڵیت : "سێ _ چوار شەو بەسەریەکەوە، فانلی سەرقاڵی پاگەندەکردن بۆ ئێمە بوو. وی له کاتی پیاسەکردندن یا له قاوەخانەدا لەگەڵ مە دەدوا. هەروا مانیفێستی نێونەتەوەیی، بەرنامەی یەکێتی سۆشیالیستدیموکراتەکان و چەند ژمارە له بڵاوکراوەی (Glocke)، کە وتار و قسەکردنەکانی «باکۆنین»ی تێدا چاپکرابوون؛ بۆ ئێمە بەجێهێشت! پێش ئەوەی ماڵئاواییمان لێبکات، وێنەیەکی بە کۆمەڵمان گرت، کە وی لەنێوان مەدایە".

پێش «فانلی» هیچکەس ئاگای له ڕێکخراوێک بەنێوی یەکێتی نێونەتەوەیی کارگەران نەبوو. وی یەکیک له لایەنگرانی باکۆنین و ئەندامی باڵی (اختیارگرا) و دژە کەسایەتی (ئەنتی ئۆتوریتە) ی ناو نێونەتەوەیی یەکەم بوو و دیاریەکەشی بۆ ئەسپانیا؛ ئانارشیزم بوو!

سەرکەوتوویی ئەم پەروەردەکردنە شۆرشگێرییانە، بێوێنە بوو. زۆر بەخێرایی له ناوچە پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان پەرەی سەند. بەتایبەت له ناوچە ڕۆژئاوایی و باشوورییەکانی ئەسپانیا، بیرکردنەوەی ئانارشیستی بە پەرتاو بڵێسەی سەند! بە جۆرێک کە له یەکەمین کۆنگرەی ١٨٧٠ی بزووتنەوەی کارگەری ئەسپانیا له بەرژەوەندی باکۆنین و دژی کارل مارکس هەڵوێستی گرت! دوو ساڵ دواتر له دانیشتنی «کوردوبا» فیدراسیۆنی ئانارشیستەکان ٤٥٠٠٠ ئەندامی چالاکی وەرگرت. یاخیبوونە وەرزێرییەکان له ئەندەلوسیا (ساڵی ١٨٧٣) هەمووان لەژێر ڕابەری ئانارشیستەکاندا بوون. ئەسپانیا تەنیا ولاتێکە له جیهاندا، کە وانە شۆرشگێرییەکانی باکۆنین، شێوەیەکی کردەییان بەخۆوە گرت و تاوەکو ساڵی ١٩٣٦ بزووتنەوەی کارگەری ئەسپانیا بەکردەوە لەژێر کارایی ئانارشیستەکاندا بوو. ئەوان نەک تەنیا زۆرینە بوون، بەڵکو بەهێزترین و تێکۆشەرترینی فراکسیۆنەکانیان پێکدەهێنا!

له ڕووی مێژووییەوە پێشکەوتنی ئانارشیزم له ئەسپانیا دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئابووری ئەم ولاتە بزانرێت. بە چاوپۆشی له هەندێ هەرێم و بەشی ئەسپانیا تاکو پێش شەڕی جیهانی یەکەم، ئەم ولاتە پشتبەستوو بە ئابووری کشتوکاڵی بەڕێوە دەبرا. ناکۆکی چینایەتی له کۆمەڵگەدا وەها زاڵبوو، کە دەتوانرێت باس له دوو نەتەوە لەم ولاتە بکرێت. چینی سیاسی کە دەزگەی دەوڵەتی و سوپای لەژێر ڕکێفدا بوو، فرەتر له زەویدارە گەورەکان پێکهاتبوو، کە لەگەڵ کلیساش پەیوەندییەکی فرە پتەویان هەبوو! له کاتێکدا کە بۆرژوازی له وڵاتانیتری ئەورووپای

ڕۆژئاوایی پێشکەوتوو بوو، ئەم چینە لە ئەسپانیا گەندەڵ، بەرتیلخۆر و لە جێبەجێکردنی ڕیفۆرم و بەرهەمهێناندا، بێتوانا بوو. ژیانی مشەخۆرانەی وان، مۆڵەتی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لەڕێگەی کەڵەکەکردنی سەرمایەوە، نەدەدا! لەم پەیوەندەدا، وردەبۆرژوازی لەم وڵاتەدا زۆر گچکە و بێتوانا بوو – بە چاوپۆشی لە پیشەوەرانی هەژار و بازرگانە بچووکەکان – مارکس وتەنی، ئەوانە "پیاوانی بۆگەنی دەوڵەتی" بوون، کە تەنیا لە خزمەتی دەزگەی بەڕێوەبەریدا بوون!

زۆرینەی هەرەزۆری زەحمەتکێشانی ئەسپانیایی لە گوندەکان و لەسەر زەوییەکان کاریان دەکرد. چەندین سەدە بوو، کە ناکۆکی چینایەتی لەم وڵاتەدا بەرجەستە بوو بوو! لە بەشە باکوورییەکان شێوە موڵکایەتی سەدەکانی ناوەراست، هێشتاکە لە ئارادا بوو. تەواوی جەنگەڵ و مێرگە سەرسەوز و پڕ بەرهەمەکان، لە شێوەی موڵکایەتی کۆن، بەتەواوی لە ئابووری مالی شارەکان بەجێمابوو. لە ناوچەکانی تری «ئەندەلوسیا» و کەنارەکانی «لواندل» تازەکی لە ساڵی ١٨٣٦دا بۆرژوازی زەمیندار و سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو، سەریانهەڵدا! سیستەمی پارلەمانی (ساڵی ١٨٤٣) لە راستیدا نیشانەی سیاسی چینێکی تازە بوو، کە لە شارە گەورەکان دەژیان و گوندەکانی خۆیان وەک ولاتانی داگیرکراو ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کوێخا (بەکرێگیراو)ەوە بەڕێوە دەبردا!

لەم بارودۆخەدا هەژمارێکی گەورەی پرۆلیتاریای وەرزیر پەیدا بوو، کە ٣/٤ دانیشتوانی ئەندەلوسی تاکو دەستپیکردنی شەڕی نێوخۆیی لە بەرشەلۆنە بە شێوەی کرێی ڕۆژانە و بە باری گرانی مالییەوە ڕۆژیان دەکردە شەو و هێزی کاری خۆیان بۆ ڕزگاربوون لە برسیەتی هەراج دەکردا! ١٢ کاتژێر کاری ڕۆژانە، ئەوەش لە کاتی چنینەوەی بەروبووم، کە لە ساڵدا لە شەش مانگ زیاتر نەبوو، بیکاری لە نێوەکەی تری ساڵدا بەدوادا دەهات! بە شێوەیەک کە بێکاری بوو بووە خویەکی کۆمەڵایەتی، کە ئەنجامەکەی بووە هۆی هەژاری گشتی، بەدخۆراکی و هەڵهاتن لە گوندەکان!

توندوتیژی دەوڵەتی لە گوندەکان، ڕۆڵی هێزی داگیرکەری دەگێڕا. ساڵیک پاش بەدەسەلات گەیشتنی چینی تازە، سوپایەکی تازە بەنێوی «پاسەوانی نەتەوەیی – گاردی ملی» بە بیانووی بەرگرتن بە چەتە و ڕێگران لە گوندەکان، دروستبوو، کە لەڕاستیدا ئەرکی تەنگهەڵچنین بە وەرزیرانی لە ئەستۆ بوو. کەسانی گاردی میللی لە ناوچە دوورەکانەوە هەڵدەبژێردران و مۆڵەتی هاوسەرییان لەگەڵ کەسانی خۆجێیی (محلی) نەبوو. ئەم کەسانە (حەسحەسەکان) مۆڵەتی بەبێ چەک چوونەدەرەوەیان لەو شوێنانە نەبوو و لەبەر ئەوەی کە هەمیشە پێکەوە بوون، تاکو ئەورۆکەش لە گوندەکاندا بە جووتەکان ناویان دەبەن!

نەفرەتی گشتی لە ئەندەلوسیا، هەمیشە لە شێوەی شەڕە بچووکە میللیەکان بەرجەستە دەبوو. شەڕی پارتیزانی (چریکی) هەمیشە خۆبەخۆ سەریانهەڵدەدا و بە یاخیبوونی گشتی وەرزێران کۆتایی دەهات! ئەم هەڵچوونە جەماوەرییانە بە کوشتاری فراوان لە هەر دوو لا؛ کۆتایی دەهات! بەزۆری ئەم بزووتەنەوانە شێوازێکی چوون یەکیان هەبوو. کارگەرانی کشتوکاڵی، حەسحەسەکانی گاردی میللی‌یان لەنێو دەبرد، کەشیش (پیاوانی کلیسا) و کارمەندانیان دەستگیر دەکرد، ئاگریان لە کلیسا بەردەدا، بەڵگەنامە و پەڕگەی ماڵی خاوەنکارەکانیان لەنیو دەبرد، سیستەمی مالییان بێ بەها دەکرد، لە دەوڵەتی خۆجێی (محلی) جیادەبوونەوە، سەربەخۆییان ڕادەگەیاند و بەناوی کۆمۆنی سەربەخۆوە دەستیان بە کشتوزار دەکردا! زۆر سەرنجراکێش بوو، ئەم وەرزێرە نەخوێندەوارانە هەڵبەتە نائاگایانە، هەر هەمان فێرکارییەکانی «باکۆنین»یان جێبەجێدەکردا! هەڵبەتە لەوێوە کە ئەم ڕاپەڕینانە خۆجێیی بوون و باری گشتیان بەخۆوە نەدەگرت، ماوەیەک درێژەیان دەکێشا، تاوەکو لەلایەن سوپاوە خەڵتانی خوێن دەکران و لەنیو دەبران!

لە گوندەکانی ئەندەلوسیا بۆ یەکەمینجار ڕەگی ئانارشیزم لە ئەسپانیا دایکوتا! بزووتنەوە خۆبەخۆکانی کارگەرانی گوندی بە بەهرەمەندبوون لە فێرکارییە ئانارشیستییەکان، زەمینەیان بۆ شۆرشی کۆمەڵایەتی خۆشکردا!

له سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا لە سەراپای گوندەکانی باشووری ئەسپانیا «بانگەوازدەرانی بیروباوەڕی ئانارشیستی» هەبوون، کە بە سواری ولاخەوە، پیادەڕۆ یا بەسەر لۆرییەوە لە هاتوچۆدابوون. بەبێ ئەوەی پارەیان لە گیرفاندا بێ، کارگەران پێشوازییان لێدەکردن و خواردنیان و شوێنی خەوتنیان بۆ ئامادە دەکردن ( لە سەرەتاوە تا ئەورۆکە، بزووتنەوەی ئانارشیستی ئەسپانیا، هەرگیز لە دەرەوە یارمەتی ماڵی پێنەکرا). بەمجۆرە بزووتنەوەیەکی راهێنانی جەماوەری بەڕێخرا. لەنیوان نەخوێندەواراندا، هەژمارێکی زۆر هەبوون کە وتاری بڵاوکراوە و گۆڤارەکانیان دەرخ کردبووا! لە هەر گوندێکدا «ڕۆشنگەر»ێک یا کارگەریکی هوشیار هەبوو، کە هەر شتێک فێربوو بوو، بەکەسانیتری دەگەیاند! ئەم کەسانە بەوەدا دەناسرانەوە: کە جگەرەیان نەدەکێسا، قوماریان نەدەکرد، خواردنەوە (ئەلکول)یان نەدەخواردەوە، باوەڕیان بە خودا نەبوو، بۆ هاوسەرانی (مارەنەبڕاو)یان وەفادار بوون و مناڵەکانیان بە ئاوی چلچلە - کریستانەکان لەبری سونەتی ناونانی لای موسولمانان، لە کلیسادا دەیانشۆن، واتە خاوێنیان دەکەنەوە. و.ک- نەدەشت!

له ڕووی ئابوورییەوە، لەبەرامبەر باشوور و ڕۆژئاوای ئەسپانیا کە بەزۆری وشهکەساڵی بوو، هەرێمی کاتالۆنیا فرە دەوڵەمەند و لەڕووی پێشەسازییەوە پێشکەوتووترین هەرێمی ئەسپانیا دەژمێردرا! بەرشەلۆنە ناوەندی کەشتیرانی، ناردنەدەرەوە، بانک و پێشەسازی ڕستنوچنین بوو! پری دەرامەتی ساڵانە لە باجوخەراج لەم ناوچەدا بەرادەی دووبەرابەری تەواوی ئەسپانیا بوو. بێجگە لەباسک، کاتالۆنیا تەنیا هەرێمی ئەم ولاتە بوو، کە بۆرژوازی بەرادەیەکی بەهێز سەریهەڵدابووا! بانکدارەکان و خاوەن کارخانەکانی کاتالۆنیا بە پێچەوانەی زەویدارە گەورەکانەوە لە بەشەکانیتری ولات، بەدوای کەلەکەکردنی سەرمایە و لەخۆراخەرجکردنەوە نەبوون. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠ تا ١٩٣٦ لە بەرشەلۆنە و چواردەوری لەژێر کارایی بوونی پێشەسازی گەورەدا، پرۆلیتاریای پیشەسازی پەیدا بووا!

ئەم وتارە لە وێبلاگی «آنارشیسم» وەرگیراوە.